


# جەنگە ساردەکەی عێراق

پاش دواخستنی دانیشتی یەکەمی پەرلەمانی عێراق ،بەهۆی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسیەکانی ناو پەرلەمانەوە ،لەسەر پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، ناکۆکی ڕاگەیەنراو لەسەر کاندید کردنی جەعفەریە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنەکە . ترسیش لەو دەسەلاتە بالایەیە کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێی دراوە ، کەلە دەستوردا دیاری کراوە . بەلام ئەگەر لیستی شیعە کاندیدێکی تری دیاری کرد ، گرنتی چیە کە هەمان سیاسەت و کارنامەی جەعفەری جێبەجێ ناکات ؟ لە هەمان کاتدا ئەم کاندیدە نوێنەری شیعە و زۆرینەی پەرلەمانە ، بەمەش پاڵپشتێکی یاسای و لە هەمان کاتدا سیاسی گەورەی هەیە . بەبڕوای من خواستێکی نادروستە تەنها داوای گۆڕینی کاندید بکەین لە شیعە . باقی سیاسەتەکانی تر وازلێبێنین . چونکە شیعە مەغزایەکی سیاسی وئایدۆلۆژی و مەزهەبی دیاری کراوی هەیە ، بە گۆڕنی کاندیدەکەیان ، هەموو شتەکانی تر وەك خۆی دەمێنێتەوە دەست کاری ناکرێت . بەم مەعنایە گۆڕین ونەگۆڕینی کاندیدێك چ مەعنایەك دەبەخشێت ؟ تائێستا شیعە سورە لەسەر کاندید کردنی جەعفەری ، وە هیچ بەدیلێکی تری دەست نیشان نەکردوە . باقی سونە و کوردیش سورن لەسەر قبوڵ نەکردنی جەعفەری بۆ ئەم پۆستە .

وەزعی ئێستای عێراق بەشێوەیەکە ، هەر یەك لەم لایەن وهێزە سیاسیانە بەشێوەیەك لەشێوەکان ، شێمانە و ئەگەری هەلایسانی جەنگێکی ناوخۆی لێدەدەن ، هەریەکەو لای خۆیەوە فو بە شەیپوری ئەم جەنگەدا دەکات ، هەریەکەو بە خواستی بەرژەوەندیەکانی بانگی بێمەرهەمی و موقەدەر بوونی ئەم وەزعەی ئێستای عێراق دەدات . تەنانەت ئەمریکاش بەشێوەیەکی فەرمی ئەم ئەگەرەی ڕاگەیان ، هەر لەئێستاشەوە خۆی لە ئاگری ئەو جەنگە بەدور خستەوە ، ئەرکی بەرپرسیارێتی هێمنایەتی و ئاسایشی بۆ هێزەکانی ئاسایشی عێراق بەجێهێشت .

عێراق بەم وەزعەی ئێستایەوە ، لەبۆمبێکی تەوقیت کراو دەچێت ، لەبۆمبێك دەکات کە لایەنە سیاسی و مەهەبی و عرقیەکانی یاری بە ئەڵقەی زامنەکەی دەکەن ، کەهەر کاتێك بترازێت عێراق دەکاتە گۆمی خوێن . ڕەنگە ئەم لایەنانە خواستیان بێت ئەم وەزعەی ئێستا بتەقێتەوە ، وەك ئەوەی لەچەند ساڵی ڕابردودا لەکوردستان ڕویدا ، بۆ ئەوەی هەرلایەنەو پشکی خۆی بەقەدەر هێزو توانای سیاسی و عەسکەری ببات ، وە دەسەلاتێکی لۆکاڵی بەخواستی خۆی دروست بکات . سروشتی کۆمەڵگای عێراق وا پێکەوە نوساوە کە پێکهاتەیەکی گەلەك سەیر نیشان بدات ، لەهیچ یەکێك لەبوارەکاندا تەواوی ئەم کۆمەڵگایە خاڵی نیە لەناکۆکی وجیاوازی ، وەخاڵی هاوبەش و پێك گەیشتن نیە لە نێوانیاندا . لەڕوی مەزهەبی ، نەتەوایەتی ، چینایەتی ، عرقی و تائیفی ، لەڕوی خواست وئامانج وبەرژەوەندیەوە . هەریەکەو بە ئاقارێك کاردەکات ، ئەمەش ڕەنگە شتێکی موقەدەر بێت وای کردوە کۆمەڵگای عێراق مەحکوم بەکێشە و ململانەی مەزهەبی وقەومی وچینایەتی و ڕەگەزی بێت بۆ هەتایە .

هەرکاتێك لایەنێك لەم لایەنانە بۆ ساتێك گەیشتبێتە دەسەلات ، حەقیقەتی ئەم ململانەیەی سەلماندوە ، ئێستاش نوێنەرانی ئەم لایەنانە لە کەناری نەجەنگ نە ئاشتیدان ، هەریەك لای خۆیەوە لەگەڵ باقی لایەنەکانی تردا لەجەنگێکی مێژووی ناکۆتایدایە ، بەلام ئێستا بەشێوە ساردەکەی کارایە وکاردەکات و واقیعیەتی هەیە ، وە ئەگەری زۆر گەرم بوونی جەنگێکی ڕاستەقینەش زۆر نزیکە ، ڕەنگە هەریەکەیان بیانەوێت یەکێك لەلایەنەکانی ململانەکە فو بەکەڕەنای هێرشەکەدابکات .

یەکێك لەو لایەنانە کوردە ، لەماوەی سێ ساڵی ڕابردووی پاش ڕوخانی ڕژێمی عێراقدا ، کورد لەلوتکەی دەسەڵاتدا بووە ، چ لە عێراق و چ لەکوردستاندا ، بەڵام تا ئێستا هیچ لە وەزعیەتی واقعی کێشەکەی گۆڕاوە ؟ ئایە سەرکردەو ڕابەرەکانی کورد دەتوانن پێمان بڵێن چی لە وەزعی کورد گۆڕاوە ؟ ئایە دەتوانن لەوە دڵنیامان بکەن لەداهاتوشدا بەهەمان شێوە بەم دەردە ناچینەوە ؟ ئایە دەتوانن لەوە دڵنیامان بکەن دۆستەکان ئەوان نەك هی ئێمە ، ئەوانیان وەك شەریك لەدەسەڵاتدا پێ قبوڵە ؟ ئێمەشیان وەك هاوبەش لە عێراقدا قبوڵە ؟ ئایە زیاتر لە هەشتا ساڵە ، لە ئەزموونی تفت وتاڵ لەگەڵ نوێنەرە جۆر بەجۆرە کانی پێکهاتەی عێراقدا ، نەگەیشتو نەتە ئەو بڕوایەی چیدی ئەمانە ئێمەیان قبوڵ نیە ، ئامادەش نین بونمان قبوڵ بکەن . ئەی ئێستا چیان هەیە بە ئێمەی بڵێن ؟؟

بەبڕوای من ئەم هاوکێشەی نێوان لایەنە سیاسیەکانی ئێستای عێراق کەبەزەبری وجود و خواستی ئەمریکا هاوسەنگ کراوە , هەتاسەر بە هاوسەنگی نامێنێتەوە .....



Nya-78@hotmail.com